# ده ڕکاتم لەبەرکرد لە پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم- (لە نوێژە سونەتەکان)

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: دە ڕکاتم لەبەرکرد لە پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم- (لە نوێژە سونەتەکان): دوو ڕکات پێش نوێژی نیوەڕۆ ودوو ڕکات پاشی، ودوو ڕکات پاش نوێژی مەغریب لەماڵەکەیدا، ودوو ڕکات پاش نوێژی عیشا لەماڵەکەیدا، ودوو ڕکات پێش نوێژی بەیانی، کاتێکی دیاریکراو کەس نەدەچوو بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ؛ حەفسە پێمی ووت: ئەگەر بانگبێژ بانگی بدایە بەرەبەیان دەربکەوتایە ؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دوو ڕکاتی دەکرد، ولەگێڕانەوەیەکدا: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەپاش نوێژی هەینی دوو ڕکاتی دەکرد.
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوران لەسەری بە هەموو ریوایەتەکانی]

عبداللەی کوڕی عومەر -ڕەزای خوای لێبێت- ڕوونیدەکاتەوە کە دە ڕکات نوێژی سونەتی لەبەرکردووە لە پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم-، وپێیان دەووترێت سونەتە راتیبەکان، کە بەم شێوەیە: دوو ڕکات لەپێش نوێژی نیوەڕۆ، ودوو ڕکات لەپاشی، دوو ڕکات لەپاش نوێژی مەغریب لەماڵەکەیدا، دوو ڕکات لەپاش نوێژی عیشا لەماڵەکەیدا، دوو ڕکات پێش نوێژی بەیانی، بەم شێوەیە دە ڕکاتەکە. سەبارەت بە نوێژی هەینی ؛ دوو ڕکات لەپاشی.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3062

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee